**ئەنوەر سوڵتانی کێیە؟**

رەنگە دژوارترین کاری نووسین، نووسین لە سەر کەسێک بێ. دژواری کارەکەش لەوەدایە کە بتوانی راستگۆیانە و دوور لە پێداهەڵگوتن، تانە وتوانج، یان کڕنۆش بردن، زمان و پێنووس بە کار بێنی.

ئەنوەر سوڵتانی بۆ ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە دیناسن، مرۆڤێکی تایبەتە، تایبەت لە لایەنی ئینسانییەوە، تایبەت لە لایەنی کەسایەتییەوە و تایبەت لە لایەنی کار و کاری نووسینەوە.

ساڵانێکە ئێمە لە ماڵپەڕی بۆکان – رۆژهەڵات داوای لێدەکەین کورتە ژین نامەیەک بۆ ماڵپەرەکە بنووسێت، هەموو جارێک لە وڵامدا دەیگوت " چیم هەیە بینووسم"؟! ئەم دوورەپەرێزییە بۆ نەنووسینی ژین نامە تەنیا تایبەت بە کاک ئەنوەر نەبووە و بەڵکە زۆربەی زۆری نووسەران و هونەرمەندانی ناسیاو و نەناسیاوی بۆکانی دەگرێتەوە. رەنگە زۆر لە نووسەران و هونەرمەندانی کورد لە هەموو کوردستان ئاوا مامەڵە لە گەڵ خۆیان بکەن! ئایا ئەو بۆچوونە پێوەندی بە کەسایەتی و کوردبوونی ئێمەوە هەیە؟ رەنگە لە سەر ئەم دیاردەیە بکرێ زۆر بگوترێ و زۆر بنووسرێ، بەڵام ئێمە ناچینە ناو ئەو باسەوە و خۆشحاڵین کە کاک ئەنوەر ئەو تەلیسمەی شکاند.

نازانم چەند جارم ئەو کورتە ژیاننامەیە خوێندۆتەوە، بەڵام دەزانم چەندەم چێژ لێ وەرگرتووە. کاک ئەنوە لە نووسینەکەیدا زوڵمی زۆری لە خۆی کردووە و کار وژیانی خۆی لە چاو کەسانی دی بە کەمتر زانیوە، ئەوەشی کورد گوتەنی بە تەعاروف نەگوتووە و باوەڕی وایە. لە رێگای ئەو کورتە ژیننامەیەوە لە گەڵ دەروونی مرۆڤێکی دڵ پڕ لە کەیل وخۆشەویستی بەرانبەر بە ئینسان و ئینسانی کورد و نیشتمان ئاشنا دەبین، کە لە راستیدا ئەوەش رەنگدانەوەی ئاکاری رۆژانەی کاک ئەنوەرە، ئەوەش یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەنوەر سوڵتانییە کە کردار و گوفتاری یەک دەگرنەوە.

من ماوەی سی ساڵە لە نزیکەوە کاک ئەنوەر دەناسم و لە زۆربەی قۆناغەکانی ژیانی سی ساڵی رابوردویدا لە گەڵی بووم و ساڵانێکیشە هەموو شەوێک ئەو لە لەندەن و من لە کۆڵن لە پێوەندی بەردەوامداین، هەربۆیە دەزانم کورد بە بوونی ئەنوەری سوڵتانی و کەسانی وەک ئەو، خاوەنی چ سەرمایەیەکە!

هیوادارم کاک ئەنوەر هەر دەم شاد و بێ وەی بێ و بەروبوومی زۆرتر بێت و سایەی لە سەر سەری هەموو ئێمە، بە تایبەت بۆکانی گەل و سەقزی گەل و سنەیی گەل* و ماڵپەڕی بۆکان – ڕۆژهەڵات و هەموو کورد کەم نەبێ.

برایم فەرشی

لە لایەن نووسەران و بەڕێوەبەرانی ماڵپەری بۆکان/موکریان/ڕۆژهەڵات

* کاک ئەنوەر لە بۆکان لە دایک بووە، خۆی گوتەنی بنەچەکی سەقزییە و هاوسەرەکەشی سنەییە و دڵیشی بۆ هەموو وڵات لێدەدا.

**ژین نامەیەکی کورت**





بە گوێرەی ناسنامە، ناوم "محمد انور سلطانی بوکانی"یە، بەڵام کورتم کردۆتەوە و بە "ئەنوەری سوڵتانی"یەک قانعم! نازانم کەی لە دایکبووم بەڵام بە گوێرەی ناسنامە بۆر، دەبێ لە ٢ / ١ / ١٣٢٣ [١٩٤٤/٣/٢٢] لە ماوەی شەڕی جیهانیی دووەم و ساڵێک پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لە بۆکان لە دایک بووبم. دایک و باوکم ئامۆزا و لە بنەماڵەی محەمەد سەقزی بوون، دایکم لە لایە ن دایکەوە خەڵکی ئاڵتوونی لای سەقزە - کە وابوو، بە بنە چەک سەقزیم.

باوکم، میرزا عەبدوڵڵای خەیات، کوڕی حاجی ئەحمەد- پیاوێکی هێدی و بێدەنگ بەڵآم دژ بە ئاغا و دەرەبەگ! ئەوە چارەنووسێکی سەیرە، میرزا عەبدوڵڵا، بەرگدرووی تایبەتی هەر ئەو ئاغاوانە بوو کە ئاوا خۆشی دەویستن! دایکیشم، ئامینە خانمی محەممەدیان- گەرچی لە ماڵە بابێکی دەوڵەمەند بوو، بەڵام هەست و بۆچوونێکی هاوچەشنی هەبوو، واهەیە شوێنی باوکم و کاکمی لەسەر بووبێت. کاکم - عومەری سوڵتانی(وەفا)

شاعیرێکی داهێنەر و کەسایەتییکی چەپی دژی دەرەبەگ بوو، بۆکانیش بە دووسێ شت دەناسرا، حەوزەگەورە و حەسەن زیرەک و ئاغاواتی زاڵمی زۆردار، ناڵەشکێنە شیان لەگەڵ!

بنەماڵەکەمان لەوپەڕی هەژاریدا بوو. باوکم بە منداڵی باوکی لەدەستدابوو و ببوە سەرپەرشتی سێ خوشک و گەورەی ماڵ، پاشانیش خاوەنی ژن و منداڵ، ئەویش نەک یەک و دوو، بەڵکوو چوار: کاکم، من، حەلیمە و رووناکی خوشکم. ئێستا لەو هەموە، هەر خوشکێکم بۆ ماوە و دڵم بەو خۆشە - گەرچی ۳۱ ساڵە لە دەرەوەی وڵاتم و تەنیا چوار ساڵێک پێش ئێستا لە هەولێر چاوم پێی کەوت. لێرە لە لەندن لەگەڵ هاوسەرم (نەسرین برنا) و دوو منداڵم (ئالان و جوان) دەژیم. نەسرین گەلێک لەگەڵم باشە و جێگەی کەسواری لە دەست چووی بۆ گرتوومەتەوە. ئالان ۲۷ ساڵان و جوان ۲٤ ساڵانە. هەر ئەوەندە و ئیتر هیچ!

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە بۆکان بووە و تا پۆلی ۱۰م لەوێ خوێندوە، ئەودەم لە پۆلی ۱۰ زیاتر لە بۆکان نەبوو، ئەویش تەنیا بۆ کوڕان. پاشان ساڵی ۱۳۳۹[۱۹٦۰]چوومە دانشسەرای موقەددەماتی (دار المعلمین)ی ورمێ، و ساڵی ۱۳٤۱[۱۹٦۲] بووم بە مامۆستای قوتابخانە و نێررامە گوندی "باغلووجە" کە ئەودەم سەر بە بۆکان بوو، پاشانیش گوندی سەرا و بوغدەکەندی. هاوینی ساڵی ۱۳٤٤[۱۹٦۵] لەگەڵ زۆرێک مامۆستای کوردی بۆکان و مەهاباد و سەردەشت و بانە و سەقز بە فەرمانی خانم "فرخ رو پارسا" جێگری وەزیری پەروەردەی ئێران، لە کوردستان شاربەدەر کرام و بۆ ماوەی ۸ ساڵ لە وڵات دوور خرامەوە (دوو ساڵ لە ئەراک و ٦ ساڵ لە شەهری رەی نزیک تاران). ساڵی ۱۳٤۷[۱۹٦۸] بە بەر دەرس گوتنەوە چوومە زانکۆی ئەدەبی زانستگەی تاران و لیسانس (بەکالیۆر)ی

مێژووم وەرگرت. لەو ماوەیەدا لە ناحیە ١٣ی پەروەردەی تاران کارم دەکرد و ماڵیشم هەر لە تاران بوو. ساڵێک دوای زانستگە گیرام و لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٤ [١٩٧٥]دا ئازاد کرام. ئە و ماوەیە لە زیندانی "کومیتە ی ضد خرابکاری" و "قزل قلعە" و "ئێڤین" و "قە سر" بووم - هەر چواریان لە تاران. ئێمە دوایین کەسانێک بووین کە لە قزل قەلعە زیندانی کرابوین. رۆژێک هەمووومانیان سواری ئوتوبۆس کرد و بردیانین بۆ ئێڤینی تازە - کە ئەویش تازە دروست کرابوو، قزل قەلعەی پشت خیابانی ئەمیرئابادیشیان بە قوڕ گرت و کردیانە مەیدانی میوە و سەوزە فرۆشتن. لە زیندان گەلێک کەسایەتی ناسراوی سیاسی ئێرانم ناسی.

دوای زیندان و مەحکووم بوون لە دادگای نیزامی، نەیاندەهێشت بچمەوە سەر کاری مامۆستایی. چەند مانگێک لە بۆکان و لە دووکانی کاکم کارم دەکرد، پاشان کاک جەلیلی گادانی – کاری راست بێت، کارێکی لە شیرکەتی "انبارهای عمومی ایران" لقی تەورێز بۆ دیتمەوە و لەوێ بووم بە جەنابی مودیری ئیداری بەشی ئازەربایجانی کۆمپانیاکە وەک کۆنتەراتچی گومرکی ئێران، هەتا ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ بەسەرداهات.

هۆی گیرانم برادەرێکی سنەیی بوو پێکەوە لە زانستگە دەرسمان دەخوێند، هەندێک نامیلکەی سیاسی پێدابووم و منیش بردبوونمەوە بۆکان و دابوومن بە کاکم وچەند کەسی دیکە بیخوێننەوە، پاشان لەگەڵ کاکم لە ماڵی ئەودا شاردبوومنەوە. ئەو برادەرە ئیعترافی لەسەر کردبووم و منیش دوای ١٠ رۆژ شەق و شەلاق و "دەزگای ئاپۆلۆ"، پێم لێنا و گوتم لە ماڵی کاکم شاردوومنەتەوە. کاکی هەژاریشم کە بە هەواڵی گیرانی منی

زانیبوو، رایگوێستبوونە شوێنێکیتر. بەم شێوەیە خۆشی کەوتە کێشەکەوە و ساواکی سەگباب لێی بوون بە ملۆزم و تا لە زیندان هاتمە دەرێ دەرگای دووکانەکەیان لە گرێژە نە بردبوو، ئەویش نەیدەزانی چ بکات، نە خۆشی دەویستن و نە دەیوێرا دەریان بکات، خەڵکیش بەو گێرە و کێشەیەیان نەدەزانی و دیارە بەو هاتووچۆیەی ساواکییەکان بۆ دووکانەکەی نارەحەت بوون. هەر چۆنێک بێت، من بۆ ئەو بەڵایەی ئاوقای ملیم کرد بۆ هەمیشە شەرمەزاری کاکم مامەوە، گەرچی ئەو بە گەورەیی خۆی گەردنی ئازاد کردم.

دوای بەربوون لە زیندان گەلێک ترسابووم و خۆم لە کاری سیاسی دوور دەخستەوە نەکا بکەومەوە بەر پەلاماری ساواک و سەر لە کومیتەی دژی خەرابکاری دەربێنمەوە. بەام لە سەروحەدی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ و لە ژێر تەوژمی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵک دژ بە ڕژیمی شادا، کەمێک جووڵابوومەوە و ورەیەکم هاتبوەوە بەر، دەمویرا لێرە ولەوێ قسەیەک بکەم و پەیوەندییەک بە دۆست و هاوبیرانی سیاسییەوە بگرم. لە تەورێز یارمەتی بەڕێوەچوونی سمینارێکم دا، کە "چریکهای فدائی خەلق" بە ناوی "همبستگی با خلق کرد" لە زانستگەی شارەکە بەڕێوەیان برد و لەوێدا وتارم دا. پاشانیش کە فیدائیان دەفتەریان لە مەهاباد و بۆکان و شارەکانی دیکەی کوردستان کردەوە و منیش گەڕامەوە بۆکان، هاوکارییانم کرد - کاک عومەری حەمیدی لە نزیک کردنەوەی من لە فیدائیاندا دەوری ڕاستەوخۆی بینی.

پێشتر هێشتا لە تەورێز بووم لە بۆکانیش وەک شارەکانی دیکەی ئێران "کومیتەی ئینقلاب" دروست ببوو و منیشیان وەک ئەندامی کومیتەکە هەڵبژاردبوو. کە گەڕامەوە بۆکان، زیاد لە

١٣ ساڵ بوو لە کوردستان دوور بووم و خەڵک و هێڵە سیاسییەکانیان و حیزبەکانم بە باشی نەدەناسی. لەگەڵ فیدائیان کەوتنم جگە لەو ناو و شوهرەتە باشەی وا ئەودەم لە ئێراندا بوویان، کۆمەڵی چەند هۆکاری دیکەش بوو: خۆم بە چەپ دەزانی و بەو پێیە واهەبوو لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستان نەکەوم، مائۆئیست نەبووم، ببڕا ببڕا لەگەڵ جەرەیاناتی ئایینیش نەدەکەوتم، خۆ لەو بارودۆخەدا کە بەرد و داری کوردستانیش ببوونە هەڵسووڕاوی سیاسی، کەسێکی وەک من لە ماڵەوە دانەدەنیشت سەیری ڕووداوەکان بکات! ئیتر بە پڵتۆکێکی کاک عومەری حەمیدی بەو لایەدا کەوتم و بووم بە فیدایی هەی فیدایی!

لە درێژەی کاردا، لە لایەن فیدائیانەوە کرامە کاندیدی مەجلیسی خیبرەگان (دەوری یەکەم) لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، و گەرچی ٣٤ هەزار دەنگم هینایەوە بەڵام لە بەرانبەر گەورە پیاوانی وەک دوکتۆر قاسملو و مامە غەنی بلووریان- کە کەسایەتی ناسراوی سیاسی ناوچەکە بوون، یا لە بەرانبەر شەڵاتێکی وەک "حەسەنی" - ئیمام جومعەی ورمێ ، من کێ بووم و چیم بۆ دەکرا! دواتر هەر فیدائیان کردیانمە کاندیدی مەجلیسی وشۆڕا لە بۆکان و لەوێشدا لە بەرانبەر کاندیدی حیزبی دیموکرات ( شەهید ئەبووبەکری هیدایەتی) و کاندیدی کۆمەڵە (شەهید دوکتور جەعفەری شەفیعی) تووشی شکست هاتم – گەرچی لە نێو شاری بۆکان بوو بووم بە دووەم کەس بەڵام نە حیزبەکەم دەرەقەتی حیزبیان دەهات و نە خۆم دەرەقەتی ئەو گەورە پیاوانە! شیعرێکم بە تەنز بۆ بەزم و هەرای ئەو ساڵانە گوتوە، کە لەبەر ئەوەی ناوی خەڵکی تێدا هاتووە و واهەیە "مەلاگیربن"، بۆ بڵاوکردنەوە نابێت.

دوای هەرەسی شۆڕش و دەسەڵات سەندنی مەلای لابەلا لە ئێران، پشت لە دۆست و روو لە دوژمن، هەڵاتم بۆ شارێکی دیکە و پاشان تاران و چەند ساڵێک لەوێ خۆم شاردەوە. جارێک بە هەڵکەوت لەگەڵ دوو کوڕی خزممان و برادەرێکیاندا لە تاران گیراین، بەڵام ئێمەیان بە "موجاهید" تەشخیس دابوو و گەشتی کومیتە گرتبووینی. دوای ١٠ رۆژ مەعلووم بوو موجاهید نین ئیتر بەربووین. رێکخراوەی فیدائیان لە ئازادبوونەکەمدا دەوری زۆری بینی، بەڵام دوایی هاوکاریم لەگەڵ بڕین. وابزانم سەرجەم ماوەی دوو ساڵێکیان لەگەڵ بووم و گەیشتبوومە پلەی ئەندامیەتی، بۆ ماوەیەکی کەمیش دوای هەڵاتنمان لە کوردستان، کاتێ لە تاران بووم بوومە بەرپرسی ڕێکخراوەی فیدائیانی ئەکسەرییەت لقی کوردستان، بەڵام زوو خۆم کێشایە دواوە لەبەر ئەوەی توانای راپەڕاندنی کارێکی وا گەورە و گرانم نەبوو، ئەوان ئەرکەکەیان دوای ئەوە بە من سپارد کە شەهید مینەی شێرخانی بەرپرسیایەتییەکی گرنگتریان خستبووە ئەستۆی. من لە کوێ و جێگرایەتی ئەو و ئەوانی پێش ئەو لە کوێ!

هەرچۆنێک بێت، نە من و نە هاوڕێیانی کوردستانمان لە وەرچەرخان و گۆڕانی سیاسەتی ڕێکخراوەکە و نزیک بوونەوەیان لە کۆماری مەلاکاندا دەورێکمان نەبوو و زۆرێکیشمان هەبوون کە کارەکەیان پێ هەڵە بوو و کشانە دواوە. بەڵام من وەک ئەنوەر نامەوێت ناسپاس بم. ئەوان منیان گەیاندە ئەو پلەیەی ببمە کاندیدی مەجلیسی خیبرەگان و مەجلیسی شۆڕا و ئەندامی هەیئەت نمایەندەگی گەلی کورد، دەنا من کێ بووم ئەو ئەرکانە بەرێوەبەرم! من ئەگەر ناوێک و شوهرەتێکم هەبێت لەوانەوەیە و زوڵمێکی گەورە دەبێت ئەگەر بۆ ئەو

خزمەتانەیان سپاسیان نەکەم هەروەها یادی ئەو قارەمانانە نەکەم کە بۆ ماوەیەک هاوڕێ و هاوسەنگەریان بووم و لە ڕێگەی باوەڕ بە ڕێبازەکە و خزمەت کردنی چەوساوەکاندا گیانیان بەخت کرد، کەسانی وەک بیهروز سولەیمانی، یۆسف کیشی زادە، مینەی شێرخانی، یەعقوب تەقدیری (خۆی و باوکە خەباتکارەکەی، کە دۆستی چاکی گەلی کورد بوو)، عەلیڕەزا ئەکبەری شاندیز (جەواد)، تەهای پارسا و ئیبراهیم لوتفوڵڵازادە (سەعید). ئەوە هەڵوێستێکی تاکەکەسی خۆمە و هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە کە ئێستا سی و شەش ساڵە لێیان جیا بوومەتەوە و لە ڕێکخراوەکە هاتوومەتە دەر.

پێش ئەوەی بێمە دەرەوەی وڵات بۆ ماوەی چەند مانگێک وەک میوان لە لای برادەرانی ئەکسەرییەت و توودە و کۆنگرەی چوار لە حاجی ئۆمەران و لۆلانی باشووری کوردستان مامەوە. ئەوان خۆیان میوانی حزبی شیوعی عیراق بوون کە تازە یەک دوو مانگ دەبوو کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانی باشوور و یەکیەتی نیشتمانی، لە قەندیل لێیاندابوون و شەهید و برینداری زۆریان هەبوو و لە باری کەرەسەی ژیان و مەسرەفی رۆژانەوە زۆر دەستتەنگ بوون، بەڵام ئەرکی کومۆنیستییان بەجێ دەهێنا و لە دەمی خۆیان دەگێڕاوە و دەیاندایە ئەو هەموو میوانەی رۆژهەڵاتی کوردستان – کە واهەیە لە ٢٠٠ کەسیش زیاتر بووین. ئەوەندەی بزانم پارتی دیموکراتی کوردستان لەو تەنگانەیەدا یارمەتییەکی باشی حزبی شیوعی دەدا، کە لە یەک بەرەدا بوون.

لەوێ، لەو شاخ و کێوە، نە ژیان هەبوو، نە نان و نە بەرنامەیەک بۆ ئەو کۆبونەوە بێ حیسابە هەبوو کە خەڵکەکە لە ژێر گوشاری ڕژیمی مەلاکان و نەبوونی دەرەتاندا خۆیان

گەیاندبووە ئەوێ. ناچار گەڕامەوە ئێران و چوومەوە لای دایکم و خوشکم لە تاران. دوای یەکدوو ساڵێتر، کاک عومەری حەمیدی چوو بۆ ئوروپا و بۆی رێکخستم منیش بچم بۆ بریتانیا. کاری راست بێت ڕێگا و شوێنی کارەکەی پیشاآندام و گەیاندمیە ئێرە، دەنا خۆم واهەبوو هەرگیز نەمتوانیایە کارەکە ڕاپەڕێنم.

لە بەهاری ١٩٨٦ بەدواوە لە لەندەن دەژیم. لە ١٩٩٠ دا هاوسەرم گرتوە، پێشتر خەریک بووم بە دووکانداری دەوڵەمەند بم، دوو جار دووکانم کڕی و زەرەرم کرد، لە تاجریی بیلامانێ تایەکە ی چوو و ئەویترم بۆ ما! ماوەی سێ ساڵێک بوومە فەرمانبەری "مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد" لە لەندەن. لێرە دەڵێن هەرکەسێکی پەنابەر و کۆچبەر کە لە هیچ کوێ رێگایان نەدا، یا دەبێتە شۆفیری مینی کاب(تاکسی) یا دەبێتە وەرگێڕ. بەندەش دوای مەڵبەند بوومە وەرگێڕ! بە کوردی و فارسی تەرجەمە دەکەم. بەبەریەوە خەریکی نووسین و تەرجەمەی بێ پارە و پووڵیش هەم و لەو چەند ساڵە دا چەند کتێبم نووسیوە یا تەرجەمەم کردوون و زۆریان چاپ کراون، هەروەها بابەتی زۆرم بۆ گۆڤار و رۆژنامەی کوردی و رادیۆ و تەلەفیزیۆن نووسیوە.

ئەوەی لە دەستم هاتوە کردوومە. دەزانم باری کورد کەوتوە و هەڵگرتنەوەی کار و زەحمەتی دەوێت. بەشبە حاڵی خۆم ئەوەی توانیومە کردوومە. بەڵام ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێمەوە ١٩٨٦ و تازە بگەمە بریتانیا لە جیاتی کوردی نووسین و کوردی خوێندنەوە، ئینگلیزیەکی باش فێر دەبم و لە مێدیای ئێرەدا بابەتی سەبارەت بە کورد دەنووسم، بەڵام تازە درەنگە، چوو و رابرد، ئەو هەڵەیەش لە پاڵ سەدان هەڵەی دیکەی ژیانم!

وا ئێستا لە لەندەن چاوەڕێی کۆتایی سەفەرێکم کە ٧٣ ساڵی پێچوە و دەڵێی هەر نەبوە! ماوەیەکە تووشی نەخۆشی دڵ و شەکرە هاتووم و بارودۆخی تەندروستیم باش نییە، زۆریش خەمی ناخۆم، وەک مرۆڤێکی ئاسایی چەرمەسەری زۆرم بینیوە و بە گوێرەی توانا خزمەتیشم بە گەلەکەم کردوە. واهەبوو ئەگەر هەڵە و پەڵە لێم بگەڕایە بۆ گەلەکەم و بۆ بنەماڵەکەشم لەوە بەسوودتر بوایەم ، بەڵام چیم پێدەکرێت، من پەروەردەی سەردەمێکی گێژ و گومی وبەر چاو تاریکی. ئەگەر کوردستان و ئێران لە ماوەی منداڵی و گەنجیەتی مندا لەژێر دیکتاتۆریەتدا نەیاننالاَندایە و تۆزقاڵە ئازادییەک هەبوایە، دوور نەبوو منیش بە رێبازێکی باشتر و دەراوێکی روونتردا برۆیشتایەم، نە ئەوەندەم چەرمەسەریَ بدیایە و نە ئەوەندەش بێ خێر بوایەم. بەدڵ خزمەتکاری گەلەکەمم بەڵام بە توانا هەر ئەوەندەم لەدەستدێت.

ئێستا چەند ساڵە رۆژانە ١٦ سەعات دەخوێنمەوە و دەنووسم، بەشێکی زۆریشی بۆ وڵات و گەلەکەم، ئەگەر رەنجم کێشاوە، ئەرکم بووە و منەتم لەسەر کەس نییە، ئەگەر بەرهەمم کەم بووە، لەوە زیاترم پێنەکراوە، خۆم خۆم باشتر دەناسم، بە هرە و توانام هەر ئەوەندەیە، هەرگیز خۆم هەڵنەکێشاوە و درۆم بە خەڵک نە گوتوە.

ئێستا لە کۆتایی سەفەرەکەمدا حەسرەت و داخم سەربەخۆ نەبوونی کوردستانە و دڵنیگەرانی دوارۆژی کوردم بە دەست حوکمی داگیرکەران و بەتایبەت تورکیاوە، کە خەریکە هاوپشتیی مێژوویی کورد و ئازەربایجانی تێک دەدات و بە گژ یەکیاندا دەکات. بە گیان و دڵ پشتگیری حکوومەتی هەریمی کوردستان لە باشووری وڵات دەکەم و هیوادارم شتێکی بۆ کورد

لێبەرهەم بێت. ئەمشەو کە بە وتارەکەدا دەچمەوە، دوو هەفتە بە سەر گشتپرسییەکەی باشووری کوردستاندا تێدەپەڕێت و ئێران و حکوومەتە دارەدەستەکەی لە عیراق بە هاوکاری گورگە بۆرەکانی تورکیا شەڕیان بەسەردا سەپاندووین. دوێنێ و ئەمڕۆ حەشدی شەعبی مەلاکانی ئێران هەموو ناوچە جێناکۆکییەکانیان گرتۆتەوە و پێشمەرگە پاشەکشەی کردووە. نازانم ئەنجامی کارەکە دەگاتە کوێ بەڵام هەرشتێک بێت ئەو قۆناغەمان دۆڕاندووە و دوژمن بە بێ تەقە و زەحمەت بەشێکی گەورەی خاکی کوردی داگیر کردۆتەوە. حیسابی سەرکردایەتی کورد بە هەڵە دەرچوو بەتایبەت لەوەدا کە نەیتوانیبوو ناوماڵی کورد یەکبخات ئینجا بە گژ دوژمندا بچێت؛ ئەوەش ئەنجامەکەی.

هەروەها شەرمەزاری کەسوکارەکەی خۆمم کە هیچ خێرێکم بۆیان نەبوە. باوکم دوای شاربەدەرکرانی من نەخۆش کەوت و هەڵنەستایەوە. دایکم کە لە تەنیایی و بێکەسیدا کۆچی دوایی کرد و دیدارە و ئاخری بووم، لەگەڵ خۆی دەرد و خەفەت و ئازاری برد، کاری سیاسی کردنی کاکم و پاشان من، ژیانی لێ تێکدا و هەموو تەمەنی لە دڵەتەپێ و خەفەتی ئێمەدا بردە سەر. کاکم خۆی دەردی کەم بوو، منیش تووشی و راونران و ترس و پاشانیش ئاوارەیی و لەبۆکان ڕۆیشتنم کرد، لە ماوەی نەخۆشییەکەشیدا نەمبینی و تەنانەت نەمتوانی قسەی لەگەڵدا بکەم، شەرمەزاری ئەویش مامەوە، وەک شەرمەزاری خوشکەکانیشم هەم، کە بوومە باعیسی بەخت و ژیانی ئاساییان، ئەوانیش بە ئاگری کارەکانی من سووتان، بەڵام چ بکەم ئەوە چارەنووسی کوردە لە ژێردەستیدا. ئێستا لەو دوو خوشکەم یەکیان کۆچی دوایی کردووە و دیدارەو ئاخری ئەویش بووم،

تاقە خوشکەکەشم کە ماوە دۆخی سڵامەتییەکەی زۆر نالەبارە و لە تاران عەمەلیات کراوە. هیوای چاکبوونەوەی بۆ دەخوازم.

من، وەک ملیۆنەها کورد و چەوساوەکانی دیکەی ئەم جیهانە، لە بێعەداڵەتی و نابەرابەریدا ژیام و وا لە هەمان بارودۆخیشدا سەردەنێمەوە. بەڵام ئاواتی دادپەروەی و بەرانبەری و ماف، ئەمرۆش وەک دوێنێ هەیە، و هیوایە سبەی رۆژ بێتە دی. بەدوا رۆژی مرۆڤ و لەناوچوونی بێداد و جیاوازی چینایەتی گەلێک هومیدەوارم. بە هیوام گەلەکەم هەورازی بەردەمی ببڕێت و سەربەخۆ بێت، بەڵام هیچ گومانم لەوەدانییە کە سەربەخۆیی بە تەنیا ناتوانێ وەڵامدەری هەموو شت بێت ئەگەر ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەگەڵدا نەبێت، هیوایە رێبەرانی کورد لە باشوور ئەو راستییە جیهانییە بناسن و ئیجازە نەدەن ژێرپێیان کلۆڵ بێت و هەر ئەو خەڵکەی کە ئەوانیان گەیاندۆتە پلە و پایە، پشتیان تێکەن یا لە بەرانبەریاندا بوەستن، کارێکی ئەوتۆ کاخی ئاواتەکانمان دەڕووخێنێت.

خەمی ئەوەشمە کورد لە دەرەوەی وڵات هیچ دامەزراوێکی سەربەخۆی نییە. کورد ی دەرەوەی وڵات لە مزگەوت دەچنە ژێر باڵی عەرەب و تورک و لە دیسکۆدا بە مۆسیقای فارسی هەڵدەپەڕن! پەنابەری کورد سەرلێ شێواو و بێ بەرنامەیە، موخالفە و خەراپە کارییان زۆرە و ناوی کورد بۆ نموونە لە هەندێک شوێنی بریتانیا بە چاکە نابرێت و تێکەڵاوی قاچاغ و موخالەفەی گەورە بووە، هەر خۆم لە پێنج مرۆڤکوژیی کورد دا، یا ڕاستەوخۆ تەرجەمەم کردووە یان بەڵگەنامەی دادگایانم وەرگێڕاوە. کورد پێویستی بە ناوەندێک هەیە سیاسەت و بەرنامەی بۆ رێک بخات، کورد لە دەرەوەی وڵات بێ پشت و پەنایە، لەشێکی بێ سەرە و دەبێ کارێک بۆ ئەوە بکرێت.

ئیتر با مەوعیزە نەکەم، بە کورتی خەمی دورۆژی کورد دەخۆم و دەزانم بە هەر ئەو خەمەوە سەر دەنێمەوە، بەڵام چ کەردن؟ سەری کورد سەلامەت! ئەو دوو فەردەی خوارەوە بەشێکن لە شیعرێکی خۆم:

بەڵام کاکە، سەری کووپە سڵامەت

ئەگەر هات و شکابێ ئیستیکانێک

گەلە و هەوڵ و خەبات و ئیستیقامەت

لە ڕێگە لابدا گەر ڕێ نەزانێک!

**<u>کتێبی چاپکراو:</u>**

٢٠٢٥. "شێخ ڕەزا شاعیری گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین"، دیوانی پاگژکراوی شیعرە کوردی، فارسی، تورکی، و عەرەبییەکانی شاعیر بە سەرەتایەکی ڕوونکەرەوە و جیاکردنەوەی ئەو شیعرانەوە کە هی ئەو نین و بەناوی ئەوەوە بڵاوکراونەتەوە. لەژێر چاپدایە

٢٠٢٣، "بۆکان، شوێنەوارێکی میترایی و یادگارێکی ژنخودای ئاناهیتا"، بنکەی ٤٩ کتێب، سوید؛

٢٠٢٢- "کا چوو، ما دانی"، کۆمەڵەی وتاری مێژوویی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی بە کوردی و فارسی، دوو بەرگ، چاپی ڕۆشنگەری، ئاڵمانیا؛

۲۰۲۲- "دیوانی شیکراوەی سەیید کامیل ئیمامی (ئاوات)، دوو بەرگ، چاپی ڕۆشنگەری، ئاڵمانیا، چاپی دووەم، سلێمانی۲۰۲۳؛

۲۰۲۱- 'بۆکان لە میژوودا"، کۆمەڵەی ٤٨١ وتار لە سێ بەرگدا، چاپی ڕۆشنگەری لە ئاڵمانی، چاپی دووەم لە دوو بەرگدا، سلێمانی، ۲۰۲۲؛

۲۰۱٦ - "مقامات پیران طالبان از محمود تا عبدالرحمن (فارسی و کوردی)"، تصنیف استاد ملا صبغة الله رودباری سنندجی، ترجمه کردی از فارسی انور سلطانی؛ مقدمه تحلیلی، تنظیم، بررسی مجدد و شرح عرفانی دکتر محمدعلی سلطانی؛ آکادیمیای کردی، هەولێر؛

۲۰۱٤- "کتاب المعارف"، شەرحی شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانی لەسەر سەرەتای مەسنەوی مەولەوی ڕۆمی؛ وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ سەر کوردی، شەرحی عیرفانی لە لایەن دوکتۆر محەممەد عەلی سوڵتانییەوە، چاپی ئەکادێمیای کوردی، هەولێر؛

۲۰۱٤- "جذبه عشق"، کۆمەڵەی شیعرەکانی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی، وەرگێڕان لە فارسی و تورکییەوە بۆ سەر کوردی، شەرحی عیرفانی لە لایەن دوکتۆر محەممەد عەلی سوڵتانییەوە، چاپی ئەکادێمیای کوردی، هەولێر؛

۲۰۱۰- "کوردستان ئەی خۆشەویستم!"، بیرەوەرییەکانی بەهیەخانم فەرەجوڵڵا زەکی مەریوانی، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپی بنکەی ئاراس، هەولێر؛

۲۰۰۹- "ژیان و بەسەرهاتی نەمر سەیفولقوزاتی قازی"، بە هاوکاری کاک حەسەنی قازی، بنکەی ژین، سلێمانی؛

۲۰۰۸ – "مێژووی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی (۱۸۸۰)" نووسینی میرزا عەلی ئەفشاری ئورومی؛
دەستنووسێکی پارێزراو لە کتێبخانەی سواسی لەندەن؛
ساغکردنەوە بە هاوکاری کاک سەلاحەددینی ئاشتی و دوکتۆر محەممەد عەلی سوڵتانی، چاپی بنکەی ژین، سلێمانی؛

۲۰۰٦ – "ژیان و بەسەرهاتی ئەبولقاسم لاهوتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، بنکەی ژین، سلێمانی؛ چاۆی دووەم، بنکەی ٤۹ کتێب،۲۰۲٤، سوید؛

۲۰۰٦ – هۆز و تیرە و تایفەی کورد لە کوردستانی ئەردەڵان – دەستنووسێکی فارسی، نووسینی میرزا شوکروڵڵا سەنەندەجی (فخرالکتاب)، بە وەرگێڕانی کوردییەوە، بنکەی ژین، سلێمانی؛

۲۰۰٦ – "سڵاو لە حەیدەربابا" – وەرگێڕاوی کوردی، شیعری محەمەد حوسین شەهریار شاعیری ئازەربایجانی لە تورکییەوە، بە هاوکاری کاک حەسەنی ئەیوب زادە، کتێب فرۆشی ئەرزان، سوید؛

۲۰۰٦ – "مینۆرسکی و کورد" – کۆمەڵەی شەش وتاری ڤلادیمیر مینۆرسکی، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە ، چاپی موکریانی، هەولێر؛چاپی دووەم، چاپەمەنی مانگ،۲۰۱۷ بانە؛ چاپی سێیەم چاپەمەنی مانگ، بانە ۲۰۲۵؛

٢٠٠٦ –"رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دا" - وەرگێڕانی ١٣٠ بەڵگەنامە لە ئینگلیزیەوە ، بنکەی ژین، سلێمانی؛

٢٠٠٥ –"درایڤر و کورد" – کۆمەڵەی پێنج وتاری ج. ر. درایڤر، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە ، بنکەی ژین، سلێمانی؛ چاپی دووەم، چاپەمەنی مانگ،٢٠١٧ بانە؛

٢٠٠٥ – "مەکەنزی و کورد" – کۆمەڵەی چوار وتاری د. ن. مەکەنزی لە سەر کورد، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، وەک بەشێک لە یەکەم ژمارەی "گۆڤاری کوردناسی"، چاپی ئاڵمانیا؛ چاپی دووەم، چاپەمەنی مانگ،٢٠١٧ بانە؛

٢٠٠٥ – "دوو ذەیلی شەرەفنامە" – دوو دەستنووسی فارسی و تورکی شەرەفنامەی بەدلیسی، بنکەی ژین، سلێمانی؛

٢٠٠٣ – "تێوری فەرمی لێخوڕینی ترومبیل"، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، بە هاوکاری سێ کەسی تر، ئێدیتۆر کاک رێبوار موختار، چاپی ئاژانسی ستاندارد کردنی شۆفیری، بریتانیا؛

١٩٩٨ – "کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی" – کۆمەڵەی شیعری ٤١ شاعیری هە ورامی، (دەستنووس)، ترەستی سۆن بۆ کوردستان، لەندەن؛ چاپی دووەم، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٧، چاپی سێیەم، بنکەی ڕۆشنبیریی هەورامان، هەڵەبجە، ٢٠٢٥؛

١٩٩٧ – "مێژووی ئەردەڵان" – دەستنووس، دەقی فارسی بە هاوکاری نەسرین برنا، لەگەڵ وەرگێڕانی کوردی، چاپەمەنی نەورۆز، سوید؛

١٩٩٧ ــ "٣٥ دەستنووسی شەرەفنامە لە کتێبخانەکانی جیهان"، کتێب فرۆشی ئەرزان، سوید؛

١٩٩٧ ــ "هێلکەی دۆڕاو، لێکۆڵینەوەیەک لە ژیانی ئەبولقاسم لاهوتی کرماشانی"، پاشکۆی ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی پەیام، لەندەن؛

١٩٩٦ ــ ٢١ دەستنووسی کوردی (یا فارسی سەبارەت بە کورد) لە کتێبخانەکانی بریتانیا، کتێبفرۆشی ئەرزان، سوید؛

١٩٩٦ــ "ئەلف وبێی کوردی بەپیتی لاتینی"، کۆمەڵەی سێ وتاری مینۆرسکی وئێدمۆندز، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە، کتێبفرۆشی ئەرزان، سوید.

**<u>کتێبی دووزمانەی منداڵان</u>**

٢٠٠٥ ــ ٢٠١٧ وەرگێڕانی ٤٥ کتێبی منداڵان لە ئینگلیزیەوە بۆ سەر کوردی و فارسی، کە هاوڕێ لەگەڵ دەقی ئینگلیزییاندا چاپ کراون، چاپی بنکەی "مانترا لینگوا"، لەندەن. هەروەها وەرگێڕان و تۆمارکردنی پێنج سی دی کوردی و فارسی بۆ هەمان بنکە. ئەوە کارێکی بازرگانی بووە پارەم لەو شەریکەیە وەرگرتووە و کتێبم بۆ تەرجەمە کردوون. بەڵام لە ئەنجامی خۆیدا کارێکی فەرهەنگی بووە و ئێستا گەلێک کتێبی کوردی و فارسی منداڵان بە تەرجەمەی من لە لەندەن چاپ کراون و

کوردییەکانیان بە دەنگی من و فارسییەکان بە دەنگی هاوسەرەکەم نەسرین بوڕنا تۆمار کراون.

## **وتار**

چاپی زیاد لە هەزار وتار (تەرجەمە یا نووسین) لە چاپەمەنییە کوردییەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان یا دەرەوەی وڵات سەبارەت بە دەستنووس، ئەدەب و مێژووی کورد.

## **رانانی کتێب**

١٩٩٦ــ ٢٠٠٧ رانانی کتێب بۆ دەنگی کوردی رادیۆ ئەمریکا، رۆژ تی ڤی، تیشک تی ڤی و چەند رۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەرەوەی وڵات.

ئەنوەر سوڵتانی

٢٠٠٧/١١/١١

پێداچوونەوەی هاوینی ٢٠٢٥